

پشیلەکەی ئیستەنبوڵ

ئەسعەد عەزیز محەمەد
(کەرکووک)

پشیلەیەک لەم دەوروبەرەدا، لە حەوشەکە، یان لەسەربان، یان لەناو باخچەکە دەمیاوێنێ، لەبرسان، یان لە تەنیایی هاوار دەکات، دەمیاوێنێ، تۆماری بیرم بەرەو دوور، بەرەو چەندان ساڵ لەمەوبەر گەڕایەوە، بەنێو شاراندا دەگەڕا، لە شاری ئیستەنبوڵ لە ڕۆخی زەریا لەنگەری گرت و ڕاوەستا، یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارەی بەبیرم هێنایەوە، لەدووتوێی ئەو یادەوەرییانەدا پشیلەیەک دەیمیاواند، ئەو سەردەمە تەمەنم تەنیا بیست و سێ ساڵ بوو.

کەڵکەڵەی کۆچ و ڕۆیشتن بۆ هەندەران سەر تا پێی ژیانمی قۆرخ کردبوو، لە ئیستەنبوڵ وەک وێستگەی گەیشتنی ئاسیا بە ئەوروپاوە گیرسامەوە، لەوێ ماوەیەکی دوورودرێژ مامەوە، چاوەڕوان بووم، بەشێوەیەکی نایاسایی مامەوە، هەوڵم دەدا کار بکەم و بژیم و پارێزگاری لەمانەوەی خۆم بکەم، ئەمەش زۆر ئەستەم بوو. هەموو ڕۆژێک بە پارەیەکی کەم لە هوتێلێکدا کارم دەکرد، شەوانیش لە ژوورێکی گچکە دەمامەوە، هاوشێوەی ئەو ژوورەبوو کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە زیندان تێیدا بووم.

ئیستەنبوڵ شارێکی زۆر جوانە، مرۆڤ عاشقی ئەو شارە دەبێت، شارێکە هەموو شتێکی تێدا جوانە، کووچە و کۆڵانەکانی، زەریاو پاپۆڕەکانی، نەورەس و دوورگەکانی، شارێکە عاشقی خۆیت دەکات، بەڵام زۆر بێ بەزەییە، بۆ هەتا هەتایێ عاشقی ئەو شارە دەبیت، کەچی تۆسقاڵێک نازت پێ نادات و ناتلاوێنێ، ئەو سەردەمە منیش وەک هەر کۆچەرێکی تر کە چاوم بڕیبووە

ڕێگەی ئەوروپا و بەنیاز بووم ڕوو بکەمە ئەوێ، وێڕای کارکردن، دەبووایە پارێزگاری لەپاراستن و مانەوەی خۆم بکەم، لەبەر ئەوە هەوڵم دەدا کەمتر بەنێو شاردا بگەڕێم و هاتوچۆ بکەم، لەناوچەی فاتیح لە (تۆپ قاپی) دەژیام، ئەگەر دەربڕینەکەم گونجاو بێت، ئیستەنبوڵ ئەو شارەیە ئازادی و نازی زۆری بەپشیلە داوە، پشیلە زۆر بەناز بەخێو دەکرێت، خواردنی پێ دەدرێت، دەست بەسەر پشیلەدا دەهێنرێت و بە باوەش هەڵدەگیرێت، تێبینی ئەوەشم دەکرد خەڵکی شار بە گەورە و بچووکییەوە پشیلەیان خۆش دەویست و بەناز بەخێویان دەکرد، هەموویان ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هەموو پشیلەکان وەهابوو، لەگەڵ تاکە پشیلەیەک نەبێت بەو شێوەیە نەبوون، ئەو پشیلەیەیان دەردەکرد و لە هەر شوێنێک بووایە ڕێگەیان نەدەدا لەوێ بمێنێتەوە، پشیلەیەکی ڕەش بوو، نێوچەوانی سپی بوو، بەو پشیلەیان دەوت (قەشە)، هەندێک بە (پشیلەی ئەسینا) ناویان دەبرد، زۆرترین خەڵک بە وشەی (یابانچی) ناویان دەهێنا کە بە مانای (غەریب)، یان نامۆ دێت. بە تەنیا ڕەفتاری خەڵک بەرانبەر بەو پشیلەیە وەها نەبوو، بەڵکوو تێبینی ئەوەشم کردبوو هەڵسوکەوتی پشیلەکانی تریش کە هاوڕەگەزی خۆی بوون، شەڕیان لەگەڵ دەکرد و دەریان دەکرد و ڕاویان دەنا.

ئەمە لە کوێ ڕووی دا، ئەمە لە ئیستەنبوڵ ڕووی دا، ئەو شارەی کە هێمایە بۆ خۆشەویستی و نازپێدانی پشیلە، ئەوەندە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستییان بۆ پشیلە هەبوو، تەنانەت پەیکەرێکیان بۆ (پیاوی پشیلە) دروست کردبوو، پیاوێک بەدرێژایی تەمەنی هاوەڵ و هاوڕێی پشیلەکان بوو، ئەوەندە لەگەڵ پشیلە ژیا بوو، تەنانەت ڕوخسار و سیمای بە پشیلە دەچوو، ئەگەر لە دوورەوە تەماشای پەیکەرەکەت بکردایە، لە نیگایدا دەموچاوی بە پشیلە دەشوبهێنرا، پشیلە یابانچییەکە جێگەیەک نەبوو تێیدا بحەسێتەوە، هیچ کەس نەبوو خواردنی پێ بدات، لە شاری پشیلەکان ئەگەر پشیلەیەک لەسەر کورسی، یان جێگەیەک بووایە هیچ کەس نەیدەتوانی لەو جێگەیە هەڵیبسێنێت، یان دەری بکات، بەڵام پشیلەی ئەسینا لە هەر کوێ بووایە دەریان دەکرد و نەیاندەهێشت تاوێک بحەسێتەوە.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە ئیستەنبوڵ ژیام، نەمبینی هیچ کەس بەرد بۆ پشیلە بهاوێژێت، یان سەگ، یان هەر گیانلەبەرێکی تر، بەڵام زۆرجار منداڵانم دەبینی، بەردیان بۆ پشیلە یابانچییەکە (غەریبەکە) دەهاویشت، ئیستەنبوڵ و دەریا پانوبەرینەکانی فێری ئەوەیان کردم بە تەنیا دابنیشم و بیر بکەمەوە و لە دەروبەرم ڕابمێنم، زۆرجار بەتەنیایی لە قەراغی دەریاکە دادەنیشتم و لەگەڵ شەپۆلی دەریاکەدا بیرکردنەوەم شەپۆل دوای شەپۆل ئەوەی پێش خۆی ڕادەماڵی و بیرکردنەوەی نوێی بەرەو زەین و هۆشم دەهێنا، لەدوای چەندان مانگ، ئەمجا بڕیارم دا بۆ هەتا هەتایێ ئەو شارە بەجێ بهێڵم، نەک بەرەو ئەوروپا بڕۆم وەک بەرنامەم بۆ دانابوو، بەڵکوو بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم، ئەوەی ئەو هەستەی لەلا پەیداکردم و بووە هۆکاری ئەوەی بڕیاری گەڕانەوە بدەم، ڕەفتاری خەڵک بوو لەگەڵ ئەو پشیلە داماوە، زۆربەی کات خۆم بە هاوشێوەی ئەو پشیلەیە دەهاتە پێش چاو، نازانم ئەنجامی هەستی نامۆبوون و خەم و پەژارە و ئاوارەیی و بێکەسی بوو، ئەو هەستەی لەلا پەیدا کردم، یان چی، هیچ کەس لەو شارەدا حەزی بە مرۆڤی یابانچی (غەریب)

نامۆ نییە، هەموو خەڵکی شار کە جارێ عەشق و لافی مرۆڤدۆستی لێ دەدەن، کاتێک لەگەڵیاندا دەژیت مامەڵەی کەسێکی نزمت لەگەڵ دەکەن، کەسێک لە خواروی خۆیانەوە، بۆ هیچ شتێک وەک کەسێکی هاوشاری خۆیان پەفتار و مامەڵەت لەگەڵ ناکەن، شت بۆ خەڵکی شارەکەیان بە هەرزانتر لەوەی تۆ دەفرۆشن، هاوڕێتی و پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تۆ گرێ نادەن، چونکە تۆ کەسێکی غەریبی، بۆ بەرژەوەندی ولاتەکەیان نەبێت ئامادەنین ڕێگە بەمانەوەت لەو شارە بدەن.

ئێستەنبوڵ لەگەڵ هەموو وەرزەکان زۆر جوانە، لە ئێوارەیەکی ڕۆخی دەریای مەڕمەڕە لەو کاتەی پاییز کزەبایەکی سارد لەگەڵ خۆی دێنێت، لەو ساتەدا چیدی بڕستی ئەوەم نەمابوو وەک ڕێبوارێ ڕێگەی سەفەر بگرمەبەر و بەرەو هەندەران کۆچ بکەم، ئەو ئێوارەیە بڕیاری گەڕانەوەم دا، نەورەسەکان لە ڕۆخی ڕووبارەکە و لەسەر زەریاکە دیمەنێکی زۆر جوان و دڵگیریان دروست کردبوو، ئەو ساتەی هەموو کەسێک شەیدا و عاشقی شار دەبێت، هەر ئەو ساتە بڕیارم دا بۆ شارەکەی خۆم بگەڕێمەوە. لەگەڵ بڕیارەکەم دا ڕاستەوخۆ بیرم بەرەو ئاراستەی پشیلەکەی ئەسینا ڕۆیشت، دەیان پرسیارم لەلا دروست بوون، داخوا دوای ڕۆیشتنی من چی بەسەر دێت؟ چونکە زۆرجار خواردنم پێی دەدا و دەستم بەسەریدا دەهێنا و نازم پێ دەدا، کاتێک کەسێکی تورک منی وەها دەبینی یەکسەر ڕووی تێ دەکردم و دەیگوت: «بووە بە هاوڕێت، تۆش وەک ئەو یابانچیت (غەریبی).»

چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی بڕیاری گەڕانەوەم دا، بەیانییەک لەگەڵ گزنگی خۆر کە دیمەنی هەڵهاتنی خۆر لەم شارەدا لە هیچ جێگەیەکی دی ناچێت و دیمەنێکی زۆر دڵگیری هەیە، ئەو کاتەی خۆر پڕشنگی زێڕینی پەخش دەکات، جانتاکەم بەشانمدا دا و بەرەو وێستگەی میترۆ بەڕێ کەوتم، پێش ئەوەی ئەوێ بەجێ بهێڵم، زۆر چاوم بۆ پشیلە ئاوارەکە گێڕا! لە هیچ جێگەیەک بەرچاوم نەکەوت.

بۆ ئەوەی دواجار دیمەنی زەریا ببینم، هێدی هێدی بەرەو ڕۆخی زەریاکە ڕۆیشتم، چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە زەریاکە دیمەنی پشیلەیەکی تۆپیو ڕایچەڵەکاندم! کاتێک دیقەتم داو لێی وردبوومەوە، بینیم پشیلەکەی ئەسینایە، چەند چرکەیەکی کەم سەیرم کرد، بە تەنیا ئەوەم زانی ئەو پشیلەیە کوژراوە، ئەوێم بەجێ هێشت، بیرۆکەکان لەمێشکمدا وەها تێکچڕژابوون، بەدوای دەنگ، یان دەرچەیەک دەگەڕان تا لەپانتایی مێشکمدا خۆیان قوتار بکەن، بەدەم گەڕانەوە بەرەو دواوە، لەبەر خۆمەوە دەموت: «ئەو شارەی خۆشەویستی و ناز بە پشیلە دەدات، ئامادە نەبوو ناز و خۆشەویستی بە پشیلەیەکی نامۆ بدات.»

هەرچەند هەنگاوم بەرەو دوورکەوتنەوە لە ئیستەنبوڵ دەنا، بەرەو شارەکەی خۆم دەگەڕامەوە، بەڵام لەناخمدا هەستم دەکرد عاشقی ئەو شارەم، چەندە ژیان و گوزەرانی تێدا سەختە، ئەوەندەش بە خۆشەویستی شارەکەوە ئالوودە بوومە. لە شەوێکی ئەنگووستەچاودا گەیشتمەوە شارەکەی خۆم! ئەو کاتە هێشتا تاریکی باوەشی بەشاردا کردبوو.

ئیستەنبوڵ / ٢٠٢٦